

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ٣٧ـ ٢٧ی ڕەزبەر ٢٧١٨**

■ **چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

فەردین مەحموودی
پەروین شێخی
سەدەف فرووغی
ڕەحمان جەنگ
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
بیژەن ڕەحمانی
جێگر بەختیار
حمێرا محەممەد ئەمینی

■ **بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ٣١...

■ **وێنەی ڕووبەرگ:**

Joseph Calev

■ **ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بە تامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی


٢٧ی ڕەزبەر ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "فڕینی پڵاوەکان"

ئەوشتەی لێی دەترسام بەرۆکی منیشی گرتەوە. کاتێک کە پێیان ڕاگەیاندم کە ئەمڕۆ نۆرەی منە، یەکێک لە زیندانییەکان ببەمە پای سێدارە، بۆ چرکەیەک دنیا لەپێش چاوم تریک بوو. زرینگانەوەیەک لە گوێچەکانمەوە هاتوو لە تۆقی سەرمدا چووە دەرێ.

منێک کە مێشوولە لەسەر کوڵمی منداڵە تاقانەکەم دەنیشت، دڵم بڕوایی نەدەدا دەری بکەم و، لێی دەگەڕام تا تێر بخوات؛ دەبایە ئەو بەیانییە کەلەپچە لە دەستی مرۆڤێک بکەم و تا پای سێدارەی ببەم و پەتەکەی لە ملی بکەم و هەر خۆشم شەق لە کورسییەکەی بن پێی بدەم.

وڕ و کاس زیندانییەکەم لە ژووری تاکەکەسییەکەیەوە بە کەلپچەوە بردە بەر دەرگای بەرپرسەکەم و لە دەرگامدا. بەرپرسەکەم دەرگای کردەوە؛ خەریک بوو بە موبایلەکەی لەگەڵ ژنەکەی قسەی دەکرد. بەچاو پێی گوتم جارێ لەسەر کورسیی هۆڵەکە دانیشن و چاوەڕوان بن. بەر لەوەی دەرگاکە پێوەبدات، لە موبایلەکەیەوە گوێم لە دەنگی ژنەکەی بوو کە بە هاوار گوتی: "هەر غەڵەتێکی دەیکەی زوو بیکە و وەرەوە، ئەمڕۆ جەژنی لەدیکبوونی کوڕەکەتە، قەرار نەبوو بچییە سەر کار."

- ناوت چییە؟

- وشیار

- خەڵکی کوێی؟

- کوردستان!

- دەزانم کوردی، خەڵکی کوێی کوردستانی؟

- ڕۆژهەڵات!

- ڕۆژهەڵات؟ نەمبیستووە، لە کام پارێزگا هەڵکەوتووە؟

- لە پارێزگای دڵم!

- هەوڵ دەدەم لە مەبەستەکەت تێ بگەم، بەڵام تا بەرپرسەکەم نەهاتووەتە دەرێ، حەزدەکەم بە پەلە هێندێک پرسیارت لێ بکەم، کونجکۆڵم، کەسێک کە بەرەو سێدارەی دەبن چ هەستێکی هەیە؟

- هەستی ترس!

- بەڵام من ترس بە ڕوخسارتەوە نابینم؛ ترس لە چی؟

- ترس لەوەی بمرم و چیتر دڵێکم نەبێ بۆ نیشتمانەکەم لێ بدات!

- هەستێکی شاعیرانەیە، دەتوانم لێت تێ بگەم، منیش سەردەمێک شێعرم دەنووسی.

بەڵام بەدەر لەم هەستە شاعیرانەیە، چ هەستێکی واقعبینانەت هەیە؟

ـ هەستی کەسێک کە بۆیەکەمجار ئاشق دەبێ؛ نێو دڵم گەرم داهاتووە. هەناسەم لە سییەکانمدا قەتیس بووە.

ـ باوەڕکە منیش هەمان هەستم هەیە! ئەوە چ هەستێکە کە لەنێوان من و تۆدا هاوبەشە؟

ـ هەستی منداڵێکە کە لە دایکی گوم بووە و ئادرەسیماڵەوەیان نازانێ. منداڵێک کە تەنیا ناوی خۆی دەزانێ و ئەگەر یەکێک لێ بپرسێ ناوی دایکت چییە دەڵێ ناوی دایەگیانە، ناوی باوکت چییە؟ ناوی بابەگیانە،ماڵتان لە کوێە؟ لەلای مانگە جوانەکەیە!

ـ دڵم تەقی، بەسیکە! تکایە بەسی کە! شێت بووم! دەزانی ئەمڕۆ بڕیارە من پەتەکەت لەمل بکەم؟ کورسییەکە لەبن پێت لابەم؟

ـ تۆ هیچ تاوانێکت نییە، تەنانەت بەرپرسەکەشت کە ناتوانێ لە ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەی لەماڵێ بێ تاوانی نییە؛ تاوانباری سەرەکیی خۆمم، من دەبوایە وشیارتر بم، لە شەڕی دێوەزمەدا ئازایەتی بەتەنیا بەس نییە، وشیاری دەبێ لەپێش ئازایەتییەوە بێ. من ئازایەتییەکەم بەسەر وشیارییەکەمدا زاڵ بوو. من ئاشقانە خەباتم کرد، نەک ئاقڵانە. بەڵام سەرەڕای ئەوانە من هێشتاش هەر پەشیمان نیم، چوونکە ئەگەر سەت جاری دیکەش زیندوو بمەوە و هەڵمواسنەوە هەر ئاشقانە خەبات دەکەم. با خەباتی ژیرانە و ئاقڵانە خەمی کەسانی دیکە بێ، هەمووومان بەزگێک لە دایک نەبووین.

ـ لێم دەبووری؟

ـ بێ گومان!

ـ دوا قسەت بۆ من چییە؟

ـ لە کاتی گیاندانم دا، سەیری هەڵفڕینی پێڵاوەکانم بکە! "هەڵفڕین لەبیر مەکە، باڵندە هەر دەمرێ!"

**▪ ناسر فەتحی**




Mevludin Seimenovic

## "سەرفراز"

پێشتر هەرگیز وا نەبووم. هەستم دەکرد گوژمێک لەو لقەی کەلەپچەکەی مندایە لە دەستی ئەودا نییە. وەک پەلەی بێت بۆ مردن لە نابەینی تێڕامانی من بە ڕێڕەوی ژووره تاکەکەسییەکاندا، لە کاتی ڕوانینی گوماناویم بەو چەند ئەفسەرەی دەورووپشتمان، جارجارێ دەستی ڕادەکێشام. ڕەنگە بۆ ئەوە بێت منیش وەک جەللادێک کە ڕاسپێردراوە هەتا دەمی پەت بیبات ڕابچڵەکێم و تۆزێک هەست بە ئازار بکەم. کە گەیشتینە حەساری زیندان، وەک لەبری ئەو گەنجە من لە سێدارە بدەن، هەستم بە دڵەخورپەی زیاتر کرد. کازیوە غەمگینتر لە جاران دەینواند. شێواوی بە زەمانەوە دیار بوو. چرکەکان سڵیان لە ڕۆیشتن دەکرد. لەو بەرەبەیانانەی مێژوو بوو کە کازیوەش بە گەردوونەوە پێوەند کرابوو، نە دەیویست بێت و نە ڕادەبوورد و نە بەنیازیش بوو بگاتە ڕۆژ. چەندین ئەفسەر و بەرپرس بە چاوی خەواڵوو و قەڵافەتێکی مۆنەوە لە چواردەوری سێدارەکەدا چاوەڕێ بوون زووتر تاوانبارە گەنجەکەیان بۆ بگەیێنمە پێی تەنافەکە و قوتاریان بکەم.

پێشتر هەرگیز وا نەبووم. هەر تاوانبارێکم بردبێتە بەردەم جەللادەکەی کەمتەرخەم و ئەرخەیان بووم. ئەگەرچی وەکوو ئەفسەرێکی زیندان دەبوو بە نیسبەت زیندانییەکانەوە توندوتیژتر بم بەڵام شتێک لە ناخەوە هەمیشە پاڵی پێوە دەنام تۆزێک لە بێباکی و بێدەروەستیم بۆ ئەو زیندانییانە تێدا بێت کە بە تاوانی سیاسی تێکەڵ بە تاوانبارەکانیتر دەکران. کەچی ئەمەیان هەستێکی جیاوازتری پێدەدام. هەستی ئەوەی کە من دیلی ئەوم. هەستی کەسێک بەشێکی ڕۆحی بە نەفەسی ئەو خورتەوە بڕوات و ئیتر لایەک لە گیانی بۆ هەمیشە بۆش بێت. کە لەگەڵ هەنگاوەکانماندا جارنەجارێ ڕوومتێدەکرد یان لە سیلەوە لێمدەڕوانی، متمانەبەخۆبوونێکی مەزنم تێدا دەدیت. خەبەرم هەبوو دوێشەوێ ئەڵهای دایکی کردبوو بەڵام بەرپرسانی زیندان گوێیان نەدابوویێ. هەتا ئەوەش کاری تیا نەکردبوو. یان ڕەنگە هەمانەی ناخی بۆ ئێمە نەکردبێتەوە تا بە ڕوخسارێکی گەشاوەوە دوا ساتەکانی ژیان بژی. وەک سان ببینێ و من ئۆسکۆرتی بکەم بە حەوشەی زینداندا خێراتر لە من هەنگاوی دەنا و منیش بە شپرزی هەنگاوەکانم هاوئاهەنگی دەکرد. سێدارەکە کەوتبۆوە ناوەڕاستی حەوشە، بە چەند پێپلیکانە بۆ سەرەوە، لەسەر سەکۆیەک کە پێشتر بە درێژایی مێژووی زیندانەکە چەندین کەسی تاوانبار و بێتاوانی چووبووە سەر. کە گەیشتینە بەردەم پێپلیکانەکان ئیدی دەبوو ئەو گەنجە ڕادەستی جەللادەکان بکەم. هەرکە کەلەپچەکەم کردەوە هەستم بەوە کرد باڵندەیەکم سەربەست کردووە

و بو خۆم لە قەفەسدا ماومەتەوە. کە دەمبینی پێش بەو دوو جەللادە بە پلەکاندا سەردەکەوێ هەستی کەسێکم بوو لە چالێکیان پەستاوتبێ و بە چاوی خۆی دەربازبوونی کەسی دی ببینێ. نازانم چی وایلێکردم بۆ چەند چرکەیەک چاوانم ببەستم. شتێک لەو گەنجەدا بوو نەیدەهێشت سەرکزی ببینم. بۆیە لە جماعەتەکەی تەنیشتم تۆزێک جیابوومەوە و وەرگەڕام تا مردنی نەبینم. ئەو ماوەیە ڕووم هەڵپێچابوو لە خەمساردی و بێ هەستی جەللاد و بەرپرسەکانی زینداندا هەستم نەکرد لە پشتمەوە شتێک ڕوو ئەدات. تا ئەو دەمەی لە ناخەوە ترازانی شوێنێکی نادیاری ڕۆحم ڕایچەنیم. تەزوویەک بە لەشمدا هات و بێئاگا وەرگەڕامەوە. هەموو ئامادەبووان وەک کارێکی سووک و سانایان کردبێ بە بێباکی و بەپەلە ئامادە دەبوون تەشریفاتی ئیداری تەواو بکەن و بگەڕێنەوە. بێباکێ ئەوان هی ئەوە بوو نەیاندەزانی و بۆیان گرینگ نەبوو بزانن تاوانبار کێیە و بۆچی لەسێدارە دەدرێ. لەز و پەلەشیان هی ئەوە بوو خۆیان لەو حاڵەتە دەرباز بکەن کە تێیدا کەوتبوونە بنپێی تاوانبارەکانەوە. بەڵام ئەوەی لەو دەمەدا سەرنجی منی ڕاکێشا دیمەنی گیانەڵای ئەو کورە بوو کە بە بێدەنگی و بە شێوەیەکی سەیر و دەگمەن ملی بۆ پشتەوە شکابوو و ڕوخساری بەرەو ئاسمان ببوەوە و تێکڕا لە ژێر پێیدا بووین!

▪ موحسین سوبحانی



Erik Witsoe

## "بەرەو مەرگ"

بەرەبەیانیەکی سارد ، ساردی کەڵپچەکە لەسەر دەستم زیاتر هەست پێدەکەم تا تەزووی ساردی زریانی بەرەبەیان جار جار بە گۆشە نیگاهێک چاو لە قاچەکانی دەکەم هەست دەکەم پەلەی نییە بۆ کۆتایی هاتن بە ژیانی هەست دەکەم زۆر زوویە بۆ مردنی لاوێکی تەمەن کەم بیر لە داهاتوویەکی گەش دەکەمەوە بۆی..

- دەزانی من تاوانم چییە؟!

نەمزانی چۆن وڵامی بدەمەوە چوارەمین کەس بوو بە دەستی منیان بەستبووە بەستنەوەیەک بەرەو مەرگ ، نا تەنیا دادوەر بڕیاری لە سێدارەدانی تۆی دەرکردووە و ئێمەش دەستوور بە جێ دەهێنین. بێدەنگیەک تەواوی لەشمی داگرتبوو ، بیرم لە تەواو بوونی ئەو چەند مانگە دەکردەوە تەواو بێت ئیتر ڕاحەت دەبم بەڵام ئەو بەیانییە بۆ من تەواو نابێت..

- تاوانت چییە؟

بە چاوێکی پڕ لە شەوقەوە من تەنیا ڕێگایەکی ڕاستم گرتبوو بەر زیاترم بۆ باس لەو ڕێگایە دەکەی؟

من بیر لە جیهانێکی ئازاد و خەڵکانێکی سەربەخۆ دەکەم، بیر لە بەهەشتێک بۆ جیهان دەکەمەوە...

ئەو بەهەشتە تۆی هێناوەتە بن سێدارە ! بایەخی هەیە ؟

بە بزەیەکەوە دەستی گرتم : ئێمە ڕێگای درێژمان لەبەرە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەبێت لە هەموو شتێک بوگزەرین ، بە مەرگی من ڕەنگە زیاتر بایەخی پێبدرێت. بێر لە ئازادی دەکەمەوە ، هەست دەکەم لەو جەهەنمە کە بە ئیجبارەوە منیان هێناوە بۆ خزمەت ڕزگارم بێت ئازادییە..!

ئایا ئەو ئازادییەی باسی دەکات هەر ئەوەیە؟

گۆرانی ئەزانی بڵێی ؟

نا گۆرانی گوتنم پێ خۆش نییە من گوێدەرم دیسان بێدەنگی و ساردی دەستم.

بەرەو کاتژمێری نەرگ نزیک دەبووینەوە چاوم لەسەر چرکەکان بوون چۆن دەڕۆیشتن لە نێوەخۆمدا هەزاران پرسیارم هەبوو بۆ ئازادی بۆ بەهەشتی مرۆڤەکان جگە لە وانە هیچ تاوانێک نییە کردبی ؟ بیر لە بەهەشت کردنەوە تاوان نییە من ئەوە بە تاوان نازانم...

ئازادی خۆشە ئەوەی خۆت بۆ خۆت بڕیار بدەی ئاخیری خۆشییە . من ناتوانم ئەوانە

به دەنگێکی بڵیند بڵێم !لەوانەیە منیش بەرەو مەرگ بڕۆم..

دەنگی هەڵبڕی و دەستی کرد بە گۆرانی گوتن بە دەنگێکی نزمەوە لێی تێنەدەگەیشتم زمانێکی سەیری هەبوو جار جار دەیگووت "دایە" ئەوەم لە کەسانێکیتر بیستبوو ، وشەیەک هاتە بن گوێم "وەتەن"ئەوەشیان دەزانم چییە ، هەست بە ناخۆشی دەکەم بۆ گۆرانی دەڵێ ئەوە تا کاتژمێرێکی تر لە سێدارە دەدرێ بۆ گۆرانی گوتن بۆ ئەو هێندە ئاسانە !

ناتوانم خۆم بهێنمە جێی ئەو زۆر ئەستەمە ! لە پڕ ڕا گوتی : ئێمە خاوەنی خۆمانین بۆ گەیشتن بە خۆمان دەبێت شەڕ بکەین شەڕ بە دەستی بەتاڵ لە پێناو ئەو ڕەشە بایانە ، ئێمە بۆ وڵات شەڕ دەکرین بۆ مرۆڤایەتی شەڕ دەکەین..

شەڕ شتێکی باش نییە پڕە لە وێرانی ، من دژی شەڕم ! دوو بارە بزەیەکی هاتە سەر لێو گوتی شەڕی ئێمە شەڕی بانگەوازی بۆ ئازادییە ! چ تەعبیرێک لەو قسەیە بکەم چۆن بیهۆنمەوە بانگەوازی بۆ ئازادی چۆن ئەوان باسی ئازادی دەکەن؟

دەستی هەڵێنا و هاواری ئاسمانی دەکرد بە وشەهایەکی سەیرەوە : تا هەر کات من و کەسانی وەک من  بمێنن ڕێگەی ئێمە بێ وچان درێژەی هەیە.

زیندانی بێنن!

تەواوی لەشم بێ هێز بوو نەمدەتوانی هەستم حەپەسابووم مەرگی دووبارەی مرۆڤێک لە پێش چاوم زۆر ئەستەمە ، مرۆڤێک کە باسی ئازادی و بەهەشت دەکات. دەستی هەڵێنام کەڵەپچەکە زرینگەی هات هۆشم بەرەو ڕووی ساردی دەچوو گوتی کاتی ڕۆیشتنە لە ساڵۆنەکە چووینە دەرێ ، ئەهریمەنەکان لە پێش چاومان قاقایان لێدەدابە نیگاهێکی سەیرەوە چاویان لێدەکردین.

هەنگاوەکانی بە هێز بوون جار جار منی بەجێ دەهێشت من بەرەو مەرگت نابەم ! تۆ پەلەت نییە بۆ مەرگ. بە بزەوە لەبەردەم ڕەش پۆشانی جەلاد تێدەپەڕین دەستی ساردم تینووی گەرمای لەشی لاوێکی کەم تەمەن بوو چاوەکانی بە شەوقەوە بەرەنگاری مەرگ دەبوونەوە،مەرگ هەراسی هەبوو لە هەنگاوەکانی ڕەش پۆشەکان بە دیتنی قاقایان پچڕاو ئەهریمەنی ناویان لە بێدەنگی کز و مات ما بەهەشت چاوەڕێی هاتنی دەکرد سێدارە لەبەرخۆی دەلەرزییەوە ، زریان لە هاتنی پەشیمان و مانگ خۆی هەشاردەوە ئەستێرەکان ئاسمانیان چۆڵ کرد وهەورەکان بە بێدەنگی پێش ئاسمانیان گرتبوو. ڕیش سپییەکی حەبا لەبەر یاسینی مەرگی

خوێندەوە دادوەر بە خوێندنەوەی حوکمەوە دەستی شادەی هەڵێنا و قانوونی چنییەوە . دەستی لە دەستم بەسترابووە ئەو دیمەنە بۆ من ئاشنا نەبوو ئەو بزەیە بۆ من ئاشنا نەبوو دەستی مشت کراوی بۆ من ئاشنا نەبوو کەڵەپچەکەت بکەوە! پێمخۆش نەبوو بیکەمەوە ئەو باسی ئازادی دەکرد ئەو باسی بەهشتی جیهانی دەکرد ئەو باسی سەربەخۆ بوونی دەکرد ، ساردی کەڵەپچەکە دەستمی بەردا بە چاوی پڕ لە ئاوەوە چاوم بڕیبوو نێو چاوانی هەستم کرد لە من تێگەیشتووە کە تینووی ئازادیمە. لە پڵیکانەکانی مەرگ سەر کەوت بەرەو پەتی سێدارە بە پێکەنینەوە دووبارە دەنگی هەڵبڕی و دوو وشەی "دایە"و"وەتەن"م بیستەوە. دواهەمین پەتی سێدارە بۆ منە گەرووم تینووی ئازادییە و چاوم چاوەڕێی ئاسۆی ڕزگارییە.

▪ فەردین مەحموودی



Bartek Papierski

## "ئاسۆ ڕوونە"

دوو تاک بازنەی ئاسنی یەکیان لە دەستی منا و ئەویتر لە دەستی ئەودا!

ئێمە دوو کەس بووین، یەکمان بێ تاوان و ئەویدیمان تاوانبار !

قاچەکانم هێندە قوورس بوون بە دوامدا نەدەهاتن. بە جۆرێک کە ئەو ناچار بوو بە دوای خۆیا ڕامکێشێ. کێمان ،کێمانی دەبرد؟ کێمان هەستی بە تاوان دەکرد؟

من یان ئەو ؟ ئەسڵەن مانای تاوان چیە؟ ئەگەر ئەو تاوانبارە بۆ ئاوا سووک و بێخەیاڵ هەنگاو هەڵدێنێ وەک ئەوەی بڵێی بە سەر هەورەکاندا بڕوا ئەی من ئەگەر بێ تاوانم بۆ ئاوا هەست بە ڕۆچوون و بۆشایی دەکەم؟ لە زەنا زەنای ئەم خەیاڵانەدا بووم، سیخورمەیەکی تێکوتام.

ـ وەرەوە سەر خۆت، ئەمە تەنیا  پیشەی تۆیە چیت داوە بەسەر ئەم تاو و توێ کردنانەوە.تۆ تاوانبار نیت.

تۆ بۆ بژێوی ژیان ئەمە ئەکەی، جگە لەمەش هیچی پێوەندی بە تۆوە نییە. گەیشتینە بەردەم سێدارەکە. کەلپچەکەم کردەوە.پەتەکەم خستە ملی. وتی تەنیا داوایەکم هەیە .ئەو پەڕۆیە لابە لە سەر چاوم . بۆ دواجار دەمهەوێ ئاسۆ ببینم .پەڕۆ ڕەشەکەم لابرد .کەمێ چاوەکانی هەڵگلۆفی.

کوتی بڕوانە ئاسۆ چەن ڕوونە !

ڕاست تماشای چاوەکانیم کرد، دوور دوور دەیڕوانی . لێوەکانی بە بزە نەخشابوون.

بە خۆم نەزانی تا سوێرایی فرمێسکەکانم هەست پێکرد. بە هەڵپەوە چاوەکانم سڕی. خوابکەم کەس نەیدیبێ. باش بوو لە داخی زەردەخەنەکانی ئەو کەس فرمێسکەکانی منی نەدی. کەوشەکانی بەر بوونەوە و تاکێکی درا بە تۆقی سەرما، منیش لە خەو ڕاچڵەکام. چومە بەر پەنجەرەکە و لە ئاسۆم ڕوانی، سوور هەڵگەڕابوو،  کۆترەکان دایان لە شەقی باڵ ...

▪ حمێرا محەممەد ئەمینی



Ron Azevedo


## "ئەوینی ڕامین

لە ماوەی ئەو شەش مانگەی لە زیندان دا, سەربازی دەکەم; زۆر جار ئەو کەلەپچەیەی دەستم, بۆتە زنجیری پێوەندی دەستی چەپی من و دەستی ڕاستی ئەو بەندکراوانەی لە مەودای نێوان زیندان و دادگا دا, بەسەرهاتی ڕاست یان درۆی خۆیانم بۆ دەگێڕنەوە. هەتا دەگەینێ مێشکی سەرم دەبەن! یەک چەقۆی کێشاوە; یەک دزی کردووە; یەک کڵاوبەرداری کردووە. جا سەیرەکەشی لەوە دایە; هیچیان خۆیان بە تاوانبار نازانن!

هاوڕێی کەلەپچەیی ئەم جارەم کە نە چەقۆی کێشاوە و نە دزی کردووەو نە کڵاوبەرداری, دەڵێی لێم زیزە و نامدوێنێ! وەکوو من نێوی ڕامینە; دەڵێن تاوانی ئەو, بیرکردنەوە و لاسایی نەکردنەوەیە! هێمنیی ڕوخساری, بۆم نامۆیەو شیاوی ئاکاری, بۆم سەرسووڕهێنەر! هەرچەند دەزانێ چەن کاتژمێری دیکە لە سێدارە دەدرێ; بەڵام بەو حاڵەرا بزەیەکی سیحراوی بەسەر لێویەوەیەتی کە هیچ جەللادێک ناوێرێ چاو لە چاوی بکا! کاتی کردنەوەی قفڵی کەلەپچەکە, کە دەستم وەدەستی کەوت; بریسکەیەک بە تەپڵی سەرم داهات و لە بەری پێم چووە دەرێ!

لەگەڵ ئەوین تاجەگوڵینەکەمان لەسەر مەزاری ڕامین, دانا. بەر لەوەی کە حەوت ساڵ لەمەوبەر یادگارییەکەی ڕامین بە ئەوینی دەسگیرانی بدەم; قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە; ڕۆژێک ببێتە هاوژینم. هەرچەند بە تەمەن پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو; بەڵام یەکەم جار کە ورەم بەخۆم داو خوازبێنیم لێکرد; گوتی: ڕامین نەمردووە و کاکۆلی خورمایی تۆش هەر بۆنی ڕامینی لێ دێ. ڕامینی کوڕیشم ڕاست, کاکۆڵی خورمایی بوو. ڕامینی هاوپۆلیشی هەر خورمایی. سەربازە تازەکەی زیندان و جەللادە کۆنەکەی زیندانیش نێوی خۆیان نا; ڕامین. ڕامینە ساواکەی کەرکووک کە لە دایک بوو; لەسەر لەپی دەستی, بەجێی هەژدە و هەشتاویەک, ئایندە و ئازادی نووسرابوو!

▪ بیژەن ڕەحمانی




Ingrid Vestby Fredriksen

## "سەمای ئازادی"

زیندانبان لە بڵیندگۆی هۆڵە تەنگ و تاریکەکەی زیندانی تاکە کەسییەوە بانگی کردم بۆ ژوورەکەی' لاپەڕەیەکی لە پێش دانام و گوتی :"ئەوەش دواهەمین حوکمی زیندانی ژمارە... و تۆ بەرپرسی لە گەڵ بانگی بەیانی ئەو زیندانییە کەلەپچە بکەی و بەرەو سێدارەی بکێشی!"

هەواڵێکی تازە نەبوو من ئەو ڕێگایەم زۆر پێوا بوو و هەوەڵ ئەزموونم نەبوو و ئاخریش نابێ زۆر کەس و ناکەس و تاوانبار و بێ تاوانم کێشاوەتە پێی سێدارە و بە خۆشم نەزانیوە'بەڵام کەلەپچە کردنی زیندانی ژمارە... تەنانەت بیر لێکردنەوەی سڕم دەکات و تەزوویەکی سارد بە لەشم دادێنێ! بۆ چەند خولەک پێلوەکانم نایە سەر یەک کەوتمە بیرێکی قووڵەوە بیر لە خۆڕاگری' بیر و باوەڕی پتەو' عەشقی بێ خەوش و خۆ بەخت کردن لە پێناو ئازادیدا' ئەو وشانە لای من بێ واتا بوون بە ناسینی زیندانی ژمارە... مانای عیشق و ئازادیم بۆ دەرکەوت!

نیگەهبان دەرکەی ژوورە تاکە کەسییەکەی بۆ کردمەوە پاڵی بە دیواری بەرامبەر بە دەرکەکەوە دابوو دەستە کزەکانی خستبووە پشت سەری دەلێنگی پاتۆڵەکەی لە عەرزی دەخشا زگی بە پشتیەوە نووسابوو چاوە زەق و سوورەکانی تێبڕیم بێ ئەوەی شتێک بڵێی دەستی درێژ کرد و دەستی لە گەڵ لێدامەوە دەستیم بە گەرمی گوشی و لە باوەشم گرت' نیزێک بانگی بەیانییە' چەند جار ئەمبار ئەوبارم کرد جێڕەی تەختەکە ئازاری دەدام کەوتمە سەر تەنیشت چاوم تێ بڕی بە ئەنگوستی ئاماژەی بە سەعاتی مەچەکی دەستم کرد پێنج ئەنگوستم بەرز کردەوە بزەیەکی هاتێ و ئاماژەی بە زمانی لەت و کوتی کرد سەرم بۆ لەقاند و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و ڕووم کردە دیوار .

تۆ تەنیا چەند خولەک میوانی منی بە سەر سوڕمانەوە لێت دەڕوانم بڕوا ناکەم مەچەکی دەستێکی کز و لاواز وەک تاڵە بەنێک تا ئەو ڕادەیە قورس بێت!هەست بە قورساییەکی زۆر لە سەر شانم دەکەم!

دڵتەنگم پێمەکەنە قاقاکانت ئازارم دەدەن پتر لە ناڵە و هاواری ڕۆژانی ئەشکەنجە و نینۆک و ددان کێشانت!

لاقەکانم لە دوام نایەن بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێم هەر هەنگاوێک دە هەنگاوم دەخاتەوە دواوە ئەو هەستە بۆ منی بە قەلافەت و بە هێز نامۆیە تەنیا هەنگاوێکمان ماوە بۆ گەیشتن بە کورسیەکە! دەڵێم پێمەکەنە با دم و فلچی خوێناوی و بێ ددانت دەر نەکەوێ پێمەکەنە

با ئەژدیهای حەوت سەر نەهارووژێ و سەگە برسییەکان وەخەبەر نەیەن!


تەنیا هەنگاوێک و تەنیا خولەکێک تا گەیشتن بە سەمای مەرگ مەودات هەیە و تۆ بەردەوام پتەوتر هەنگاو دەنێ و قۆزتر سەرهەڵدەبڕی و پێدەکەنی و ترس لە پێناوی ئازادیدا لە سێدارە دەدەی!

هەست بە سووکی و بێ ڕێزی و بێ دەسەڵاتی خۆم بەرامبەر بەو هەموو شکۆ و گەورەیییە ئازارم دەدا!

ئەورۆ چاوی خۆر لە هەموو ڕۆژێک سوورترە'مندالان چاو بە فرمێسک' پیرە پیاوان دەستەو ئەژنۆ' دایکان بەرۆک دادەڕنن و سینگ دەکوتن ئاسمان ڕەش... بە غەم! لە بەرە بیانییەکی تەمەویدا سێمفۆنیای قریشتە قریشتی قەل و داڵ گوێچکەم کڕ و کپ دەکا لە دوایین هەنگاودا من چۆک دادەم و تۆ ڕاست دەبیەوە و سەرت هەڵدەبڕی و پەتی سێدارەکە ماچ دەکەی عەترێکی بۆن خۆش لە چەشنی هەلالە بە ولاتدا دەپژێ!

کەلەپچەکەم بە مەچەکەوەیە کۆڵتەکە لە نێوقەدم دەکەمەوە سیلەی لێدەگرم ئەنگوستم لە سەر پەلەپیتکە دادەنێم هەناسەم سوار دەبێ و سییەکانم لەوانەیە بپچڕێن سەرم سوور دەخوا و لە گێژەوە دێ جەغزێک لە سەدان پەپوولە پاییزە لە دەوری سەرم ساز دەبێ'من دەکەومە عەرزی و چاوم بە مۆلەق دەوەستێ و تۆ دەکەویە سەما!!!

▪ پەروین شێخی




📷 Samal Tofik

## "دواهەمین زەردەخەنە"

ئەم ڕووناکییە دەستکردانە ئازارم دەدەن بیانکوژێنەوە! هەر هەمووی بکوژێنەوە، تەنانەت تاقە گڵۆپێکیش مەهێڵەوە. با تەواو تاریکی دامانپۆشێت، جۆرێک کە تەنیا چاوەکانت ببینم، ئەریٚ چاوە کاڵەکانت. ئەو دەستە ناسکانەت بە سەر لەشما بێنە تا ئەفسوونی... ها؟ بۆ وا سەیرم دەکەیت؟ دەتهەویٚ بڵێی ئەم مێهرەبانیەم لیٚ نایەت؟ بەڵام من دەمێکە مێهرەبان بووم، ئەوان بەمە نازانن، وادەزانن نەخۆشم، بۆیە خێرا "نوسخەیان بۆ پێچامەوە. ئەوان دکتۆری هەموو دەردێکن، بۆ هەموو دەردێکیش تەنیا یەک نوسخە" دەنووسن ، پێیان وایە مرۆڤەکان تەنیا یەک دەردیان هەیە! نازانم بۆ هەر کاتیٚ تۆ دیٚی شل دەبم و دەستەکانم لە جووڵە دەکەون؟ ئێستایش وام لێهاتووە. هێشتا دەرزیەکەت لێنەداوم ناوی خۆم بیر چۆتەوە. ڕاستی وتت ناوم چی بوو؟ تۆ هەموو جاریٚ بە چی بانگت لیٚ دەکردم؟ دیسان بیرم چووەتەوە...هاااااشم؟! یانیٚ بە ڕاست ناوم هاشمە، جاری پێشوویش هەر ناوم هاشم بوو؟ زۆر سەیرە ئەی بۆ هیچم بیر نایە؟ دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە! هیییییییچ مەشڵەژیٚ پەرستار، ئەمجار ڕێگرت نابم، دەرزییەکەم لێدە. خێراکە خێرا، هێشتا نامەکەم تەواو نەکردووە. نامە بۆ ئەو وڵاتەی دراوسێمان دەنووسم. تۆ کاری خۆت بکە پەرستار، منیش کاری خۆم دەکەم. ڕاستی! تۆ بڵێی لێم وەرگرن؟ دەترسم زۆر دەترسم، نامەکەم لیٚ وەرنەگرن. ئەمەویٚ بڵێم بە دوای ئەو کتێبەی کوردۆ"دا بگەڕێن. من شاهیدم نووسەری ئەو کتێبە کوردۆ بوو، بەڵام ئەوان لێیان سەند. خێراکە پەرستار! هەر ساتیٚ ئەگەری ئەوە هەیە بمگەڕێننەوە بۆ"ئاسایشگا" دەڵێم سبەی شەویش تۆ شیفتی شەوی؟ هەموو جاریٚ تۆ بیٚ، من پێم خۆشە هەموو جاریٚ تۆ بێی، با ئەویتر نەیەت، ئەو چاوەکانی کاڵ نییە و بۆم نارِوانیٚ. هەرکات هات، خێرا پاتۆڵەکەم دائەکێشیٚ. تۆ دەزانی من دەڵێم چی پەرستار. ئەو پێی وایە من نەخۆشم، تۆ دەڵێی چی، نەکا تۆیش پێت وایە وڕاوە دەکەم؟ ها...؟ من لێرا چ دەکەم؟ تۆ بۆ ئەو سەرپۆشەت وا تون لە ژێر ملت گریٚ داوە؟ بیکەرەوە ئەو گرێیە وا خەریکە دەخنکێم؛ نەیکەیتەوە هاوار ئەکەم، وەک ئەو باوکەی خۆی بە دار و دیواردا دەکوتا و لە پشت حەسارەکەوە خۆی دەتلاندەوە. وەک ئەو ژنەی ژانی منداڵبوونەکەی بڕسکی لێبڕیبوو، ئەگەر تۆ لەویٚ بویتایە بە فریای دەگەشتی. نەیانهێشت دوا جار چاوی بە کوردۆ کەوێت، ئاە پەرستار دەبیٚ دواجار ئەم مێزی"شعبدەبازی"یە کۆ کرێتەوە، من لە دوای زەردەخەنەی کوردۆ، چیتر نەمتوانی لە بن باڵم چەپکە گوڵ دەربێم و لە گیرفانم کۆتر هەڵڕفێنم. ئاە پەرەستار تۆزێک نزیکتر ببەوە، ڕێک گوێت بنیٚ بە دەممەوە، با دیسان چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە.

ئەو ڕۆژە باران تون تون ئەباری و بۆنی خاکی تەڕ، دزەی کردبووە نێو زیندانەکە، کوردۆ، ئەرێ هەموو کوردۆ بانگیان ئەکرد...کەس ئامادە نەبوو تا پای سێدارە بیبا، هەندێک گوێت نزیکتر بکەرەوە" منیش دەترسام کەلەپچەکە بکەمە دەستیەوە" عەباس گوتی: مەترسە ئەم جۆرە زیندانیانە وەک بکووژ و دەستدرێژیکەر و مافیای مادەهۆشبەرەکان نین، هیچ تێکۆشانێ"بۆ ڕزگار کردنی گیانیان ناکەن، لەوە دڵنیا بە. "من لە گیانی خۆم دەترسام پەرستار، ها گوێت لێمە؟ کوردۆ تاقە کەسێ بوو کە تەنانەت سەرۆکی زیندانیش لە لای مندا دانی بە تێگەشتوویی و ئازایەتیدا ...نابوو، بەڵام بە سەربازەکانی دەگوت: ئەمانە خاینن دەبێ بیانتۆپێنین. ئەو ڕۆژە سام گرتبوومی پەرستار؛ گەنج بوو بەڵام هەستم دەکرد سەرکردەیەکی زۆر مەزن دەبەمە پای سێدارە. ئاخر پەرستار ئەو وەک زیندانییەکانیتر نەبوو، ئەو زۆر مەزن بوو، تا ڕۆشتین دەیگوت: هاشم نووسراوەکانم وەربگرەوە لێیان. تۆ دەبێ بە دەستی میللەتەکەم بگەیەنی. بەڵام پەرستار! بزەی کۆتایی کوردۆ مێهرەبانی کردم. ئەوان بەمە نازانن. هەموو جارێ تۆ بێ...

- شەرمین ساڵحی



Gashbin Adnan

## "بەڵێنی دایم شکاو"

ئەو تاوانبار بوو، باشتر کە لە سێدارەیان دا؛ ئەی چی پێ بکەن؟ بیکەن بە نوێنەری مەجلیس و وەکوو چەپکە گوڵ داینێن لە پێش خەڵکی؟! ئەوانە دەبێ هەر وایان لێ بکەی و تەنانەت خراپتریش، دەبێ بە بزمار تەواوی مێشکیان کون کون کەیەوە وەها کە نە ڕابووردوویان بناسێننەوە و نەداهاتوویان و نە خۆیان و نە هیچ، با دوایی دەیان کەسی دیکەش چاویان لێ نەڕوانن و نەیانکەن بە کەسایەتییێکی ئازا و نەترس.

ئەوە دووهەم جار بوو کەلەپچەم لە دەست زیندانییێکی ئەمان گوتەنی(سیاسی)م دەکرد، کێ گووتەنی؟ من هەر لەو ڕۆژەوە کە خۆم ناسی، ئەی بۆ ئێستا خۆم ناناسمەوە؟ لەو ڕۆژەوە قەت خۆمم یەک لایەنە نەکردوەتەوە هەر وەک چەن مانگێک لەوە پێش کە لە جێی سەربازێکی دیکە ناردبوویانم، ئەو جار هیچم لەو کوڕە زیندانیە نەپرسیبوو تەنانەت سەیری نێو چاوانیشم نەکردبوو، دوایی کە هێندە بیرم کردەوە چرپاندم بە دڵمدا کە بۆچی دەبێ کەلەپچە لە دەست، کەسێک بە ڕێگای مردنیدا ببەم و لە ئاواتەکانی هیچ تێنەگەم و مافی هیچیش بە خۆم نەدەم؟ بۆ مەگەر چی کردوە؟ چی گوتوە؟ ئەگەر تاوانبارە من بۆچی خۆم گوناحبار کەم!؟ مەگەر من کێم کە چرکە بە چرکە ئەو بە سزا دانی نزیکتر کەمەوە؟ بۆیە بەڵێنم بە خۆم دا کە...

﴿ زۆر جار لەو بەڵێنیە بێ سەر و بن وقۆڕانەم بە خۆ داوە کەچی پاش سەعاتێک لە بەر ترس و نەوێران پاشگەز بوومەتەوە و لە بەر خۆمەوە جنێوم بە ترسەنۆک بوونم داوە و دەستم کردە بە بۆڵەبۆڵ ئاخر تۆ کەری کوێی کە گووی وا بخۆی؟ تۆ کارت بەم قسانەوە نەبێ. باشتر ئەوەیە... باشتر چیە؟﴾


هەر واش بوو و بۆ دووهەم جاریش نا بۆ سێ و چوار و بگرە هەرتا چەندین بەرەبەیانی بێدەنگ و تاریکی دیکە وشەیێکم نەدرکاند و جگە لە چەکمە نیزامیەکانی خۆم و سەرپاییەکانی ئەو لە هیچ شتێکم نەڕوانی...

دەنگی سێپایە و سێدارە و فڕێن هێشتاش هەر لە گوێمدایە و هەر کە دەبێتە نۆرەی من ئاوا دەڵێم: باشتر کە لە سێدارەیان ئەدن، ئەی چییان لێ بکەن؟ ئەوانە هەر دەبێ وایان لێ بکرێ ئەگەینا...

ئەگەینا چی؟!

ئەگەینا مێژووش دەترسێ و دووپات نابێتەوە.

▪ سەدەف فرووغی



Mohammad Mehdi

## "دارائیل"

دەتکوت گیان کێشان بە لایەوە چوونە ناو ژورێکی دیکەیە.

بەو درەنگاییی شەوە لە چاوەڕوانییەکی پڕ لە بێدەنگیدا بە تەقەی دەرکەکە وەک بە سرتە بمدوێنێت کوتی: "دەزانم "دارائیلی" تەق وکوت مەکە، با بیدەنگی شەو نەشلەژێت و، دڵە خورپە تۆوی دانەکەوێت."

بیرم لەو نێوە دەکردەوە وا بە سەری دابڕیبووم. ڕاحەتییە کورت و تیوارەکەی پێی، چەند قامک لە سەر قولاپەی لاقە باریکەکانی و، کراسەکەی بەریشی قولانجێکی مابوو بۆ سەر مەچەکی دەستی. کز و باڵا بەرز، پیلەکانی شۆڕ ودرێژتر لە خۆی دەینواند.

وێدەچوو پرسیارێکی ئاڵۆزی بیر کاری وەڵام دەداتەوە، قامکەکانی دەستی ڕاوەستانیان نەبوو. سینگی کراوە و پڕ تووکی هەڵە پڕوزێک کرابایەت، وەک کڕووسابێتەوە دەنک دەنک پەراسووەکانیشی دەبژێردران. پەنجە ماندووەکانی دەستی لەو مەیلەو تاریکاییەدا تێک قوپاویی زگیان پڕ نەکردبووەوە و لە بەر درگای ژوورەکەی، بە ڕووناکایی گڵۆپێکی دوور و لاوازی ڕێڕەوەکە شێوەی وێنەیەکی دەدا، بە ڕەژی بە دیواری ئەشکەوتێکەوە هەبوون بنوێنێت. چاوێکی دیکە لە کلیل، لە دیو، لە بەندی؛ ــ من کەسێکی ئاسایی نیم.

هەڵبژێرراوم، بۆ تۆڵە لە سەر بڕ و، پیاو کوژ و؛ مل هوڕ هاتووم. ــ

قامکەکانی لە لێک دانەوە بیوونەوە: "نە من جووم و، نە ئەوڕۆش ڕۆژێکی بەتاڵ و بێ ژوومارەیە. سێبەر ناکوژرێت و، دار سەلماندنی بوونی منە." ــ کەلەبچە لە دەست هەر دووکماندا، وەکوو یەکین، لە تاواندا نە دەیناسم نە دەمناسێت؛ وەکوو یەکین. خێر و بێری، من بمێنم، ئەو بمێنێت بۆ هیچمان نییە وەکوو یەکین.ــ

لە ڕێڕەوەکە بێدەنگ ببوو. هۆشی بە سەر تەپەی لاقە پێخاوس و زرە و خرینگەی زنجیرەکانیشیانەوە هەبوو. ــ چەند شەقاوی زیاتر نەماوە ڕێڕەوکە تێپەڕێنین، لەوێ لە من سەر تری لێن. دەبێ لە بیر خۆمی بەرمەوە.ــ بەلای هەر دەرکەیەکدا دەڕۆیشتین، بە دەست بە چاو ئاماژەی دەکرد، نەمزانی دەڵێ یەک و دوو نین و فریای ئەو هەمووە ناکەوم؛ یاخۆ دەڵێ ئەوانەش هەر ئەون و کە واتە هەر دەمێنێ و نامرێت! نەمزانی.

گەییشتینە لای پلە بەرزەکان،لەوێوە تاریکتر بوو. کەسم نەناسێوە، هەر نزیکیش نەدەبوونەوە، یان هەر کەس یەکتری

نەدەناسی؛ دەتکوت لە عەرزی هەڵقوڵیون. لە پڕ هاتەوە دەنگ:" سنووری خواشتان بەزاند؟. ئەو هەر گیان کێشێکی هەیە، ئێوە دارائیلەکان زۆرن، هەتا زیاتر بن زۆرتر گوێ فڕوچقێنە بە سەری هەڵکەنراوی یەکتر دەکەن. من یەکەم جارم نییە، تا دار لە ئێوە نەدرێت؛ من هەر لە دار دەدرێم. بۆ ئێوەمە و بۆ خۆشم، تامەرگ بێت بۆ هەموانە و؛ شوعار نییە."

ــ دارائیل! یانی چی؟. دەبێ بگەڕێمەوە.

ڕاستە لە هەڵدان و هێزی شان و پیل و باهۆ دا تاقانە و یەک ڕۆژەم دوو ڕۆژە بووە، کەسم دەرقەت نەهاتووە، بەڵام بۆ ئێستاش لە هەموو جێیەک سڵم لێ دەکەن و لێم هەڵدەبەزنەوە!. وا گریمان هەموو خەڵک ئێرەییان پێ بردبێتم.

باوکم چی! ئەویش دەیکوت تۆ "زلی بێ هونەر"ی دایکم چی! بۆ بە نا بەدڵی پێی دەکوتم "خاڵە وەلەد". ئەویش کام خاڵ، وەک لە شاری خۆمان دەڵێن کێوێک بووە و، کەسی نە هێشتووە و؛ دوایی خۆشی عەرز زاری کردوەتەوە و هەڵی لووشیوە.ئەرێ بۆ توانا و قەڵافەتی لێهاتووم لێرە نەبێت کڕیاری نەبوو؟.

دا ـ را ـ ئیل!. د ئا ــ ر ئا ـ !!!. ــــ

بە دەست منەوە دەستە بەسراوەکانییان، لە زنجیرەکەی پێی و، دەسرۆکەیەکی ڕەش لە سەر چاو پۆشە پانە کەژییەکەی بەسرا. بە دەم شەق خواردنەکەی ئەوەوە، منیش سەر سمیک و؛ وە جریوە جریو کەوتنی پۆلی چۆلەکەی سەر دارەکانی حەوشە کە یەک بوون. پەلەیەکی ئەو تۆ نەبوو. چاوەڕێی بەرپرسی تایبەتیان دەکرد. چۆلەکەکان دار لە گەڵ دار دەچوونە پێشێ و پۆل پۆل زیادیان دەکرد. ڕۆژان ئەو دەمانە دەنگی بانگی بەندیخانە هەرچی خەون و خەو بوو، هەڵی دەفڕاند. ئەوڕۆژە دەتکوت ڕۆژی پشوی بانگە و کەس ناوێرێت بانگی بکات. داری هەڵدراو لە یەک زیاتر، بەر چاوی من گیراو؛ جریوە جریوی چۆلەکە "تەیرەن ئەبابیل"یان هێنابوومەوە بیری و دەستی ڕاستم بە سەرمەوە. چاو چاوی لێک دەکردەوە، بەرپرسی تایبەت و چەندبەندیی دیکە و، سەگوەڕێک لەو دیوی دیواری دوور و، درێژی بەندیخانە و، بانگی سەر سووکی؛ خەو قورسی ئەو بەیانییە هەر وا بێ هەواڵ. من لەدوو ڕێیانی بەرەی مەرگ و ماندا. لە دەستی لای کەلەبچەکەوە "هاوڕێ" ی بەندی کوتی:"خۆزگە ناخوازی بە من؟" دەهاتم بڵێم بەچیت،،!. بێ دەنگی بانگ و، سەگوەڕ و، دەنگی بەر پرسی تایبەت: "زلکوێر، بێ هونەر کوا دەم بەستەکەی؟". بەندیی لە دەست مندا

نەماو، لە سەر کورسی کوتی:" بەو کورسییەی دەمکوت ڕۆژێک بە بێ بانگ و سەڵا دێتە ژێر پێم." بەر پرسەکە چاوی


لە چاوم بڕیبوو، هەموو دوور کەوتبوونەوە، دەنگی چەند ماشێنی قورس هەڵکێش؛ بێ دەنگیی بانگ و سەگوەڕ و جریوە و سریوەی قووت دا. دەنگی مەرگ ژیانەوەیە جێی بانگی پڕدەکردەوە. بە مۆڕەی بەر پرس زانیم هەر من بەرگی نێو لێ نووسراوم نەگۆڕیوە.

کەس لە نزیکەوە چاوی لە چاوی بەر پرس نەدەبڕی. لەگەڵ فەرمانی لاچوونی کورسییەکان، لە ژێر شریخەی شەپلاغەکەیکدا، بەرە و بەرەی "مان" ساغ دەبوومەوە.

لە بن گوێم کوتی:

" تۆ بۆ خاڵە وەلەد نابی."

▪ ڕەحمان جەنگ



Gashbin Adnan

## "ت ت ت ت ت ت تەق"

ت ت ت ت ت ت تۆ ت ت ت ت ت ت تاریک و ڕوونی بەیانییەک ت ت ت ت ت ت تابلۆیەکی کە ت ت ت ت ت تێیدا ت ت ت ت ت ت ت تریاکییەکی کۆنە ت ت ت ت ت ت تارزەن ت ت ت ت ت ت تاپڕێکی ت ت ت ت ت ت ت تارای سوور ت ت ت ت ت ت تێوە پێچراوی لەسەر ت ت ت ت ت ت تەوێڵی ت ت ت ت ت ت ت تاجرێکی ت ت ت ت ت ت تاسی ت ت ت ت ت ت تاساو داناوە و ت ت ت ت ت ت تەهدیدی کردووە ت ت ت ت ت ت تۆڵەی لێ بکاتەوە، دەکێشییەوە و لەگەڵ یەکەم ت ت ت ت ت ت تیشکی تیرێژی بەیانی دەمری.  ت ت ت ت ت ت تەڕمەکەت بەهۆی دەنگی ت ت ت ت ت ت تەقەی ت ت ت ت ت ت تاپڕەکەوە ئەو بەختەی دەبێ بەر لە بۆگەن بوونی لە ئاتلییە ت ت ت ت ت ت تەنگەبەراکەتدا و، تێ ئاڵانی قەل و داڵەکانی نێو ت ت ت ت ت تابلۆکانت لێی، بدۆزرێتەوە.

▪ ناسر فەتحی



## "تارمایی"

تەنیا کەسی تەنیشت تەختەکەم، خۆم بووم بە سەرێکی تاس و دووچاوی مەنگ بۆی دەڕوانیم. تاسەی ترێی هەوەڵ پاییزم کردبوو، هەر جارە و دنکێ ترێی لە زارم دەنا، تامی تاڵی و تفتی تێکەڵاو ببوو. تلۆربوومەوە و پشتم لە خۆم کرد.

تاوەکەم تاوی سەندبوو، هەستم دەکرد  لە نێو تابووتێکی تەنگ و تاریکدام، لە تاو ترس، تۆقابووم. بە تاق و تەنیا بە ترسە ترس خۆم بە تاقیگاکەدا کرد،

تفم بۆ قوورت نەدەچوو، وڵامی تاقیکردنەوەکەی تاو توێ دەکرد، پاشان گوتی: تۆ هیچت نییە!

▪ شەرمین ساڵحی




📷 N e s î h o A s î r a k î

## "دەنگدانەوە"

تفێکی لە تفەنگەکە کرد و بە شەق کەوتە گیانی و تێی هەڵ دا. وەک بڵێی توتکە سەگێکی بەر شەق دابێت. تەماشاییەکی کرد و تێی ڕاما، تفەنگەکەی وەک تاوان بارێک دەبینی. تفەنگەکەی هەڵگرتەوە، بە هیوای کە کارەکەی تەواو بکات. لولەی تفەنگەکەی خستە دەمی. تامی ژەنگ بە ناو زمانی دا گەڕا. دەنگی تەقەیەک لە ئەشکەوتەکە دەنگی دایەوە.

▪ جێگر بەختیار




Rawa Abdulwahab

**"تۆبرە"**

تاجیلۆکەکە، تەپ دەداتە سەر تەپڵە کڵاوەکەی تۆقە سەری. تیل تێڕادەمێنێت: وەک تای تێڕێکین، چۆنە تۆ تاج، تەخت، تڕ، تمەن..!!. توشماڵێک و هێندە تەماڵ؟.

حاجیلۆکەی تیسکۆی تۆسن ، دەیداتە تیتاڵی و، تەما دەگرێت تەپەتڕێکانی تێپەڕبووی بە تماشایەکی تەشەراویی؛ لەتوێی تیتۆڵی شاقەل و تاقانە بوونی دا تەقەت کات. تیری تەوس تەنگە و، لەتەری تاژیلۆکە دەپێکن. تۆڵە و تەماع توورِی دەدەن و، تەوێڵی تێیدەڕی.

▪ ڕەحمان جەنگ



Reshakh Mahmood

## "هەتا تامی تفتی شیلان"

لەسەر تاتەبەردێکی تەریک, لە تاڵانەیەکی تەکووزی تەنیشت تاڵاوێک, دوو مرۆڤی تاساو, لەبن سێبەری دارشیلانێکی سەر تەلان, بەرێکەوت مانگی تەباخ دانیشتبوون. تێکڕا چاویان لە تیشکی ڕۆژهەڵات بڕیبوو. ژنە گوتی: تامی تفتی شیلان, وەبیر تاراندن بەرەو تراویلکەی تاراوگەم دەخاتەوە; تاوێ لەسەر زەریا بە تاڵووکە منداڵم بوو; نەمتوانی تاپۆی ڕۆژاوای, بۆ وەرگرم. ژنی خۆی بوو; نەیدەناسییەوە بە تاقیتەنێ!

▪ بیژەن ڕەحمانی



📷 Reshakh Mahmood


**"تاسە"**

شەوگارێکی زۆر لە تاریکی ژوورەکەمدا و لە گەڵ تەنیایی خۆم بیرم لێ کردبۆوە"تاسەم دەکرد و تاسم هەڵدەخستەوە بە هیوای جووت شەشێک لە ژیانمدا!

لە ژوورە تاکەکەسیەکەیەی لە سەر تەختە شڕەکەی وەک تانگە شکاو ڕاکشا بوو ڕۆشناییەکی کەم تەوژم و تەماوی لە کەلێنی دەرگاکەوە کەوتووبووە سەر تۆقی سەرە تاسەکەی!! لە دوایین ساتی ژیانیدا کاتێک چاوی پێم کەوت هاتە پێشێ و بە دەنگێکی نزم گوتی:"تف لە ژیان کە ناپیاوی کردم من تەنیا هەناسەیەکی گڵاوم و دەمێکە لە سێدارە دراوم!

لە قووڵایی دڵمەوە هەناسەیەکم هەڵکێشا و گوتم:"ئۆخەیش تاسەم شکا!"

▪ پەروین شێخی



Dûrzan Cîrano

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

**کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:**

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!

٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.

٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.

٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٌّ ٍ ٌَ ٍ ،،،/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]

٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) بیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم...
ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبۆرە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامترە چیرۆک

**▪ بۆکانی:**

لە مەجلیسێک کەسێک کوتی: شەیتان دەڵێ ئەوانەی ئەلان بە بەرد پێم دادەدەن چوونەوە ماڵێ زەنگم بۆ لێ دەدەن! یەکجار زۆرم پێ ناخۆش بوو. کە ڕۆییشت خوداحافیزی کرد، جوابم نەداوە. بەڵام ئەورۆ لە نانەوایی چاوەڕوانی نۆبەکەم بووم تازە حاجییەکی تەمەن ٥٥ ساڵان هاتە ژووری، سڵاوی کرد و منیش چی نەمابوو هەستم بە دەست باڵیدا بنوسێم کە متفەڕکە! دەستی کرد بە قسان کە یەکیان دەگێڕمەوە جا ئێوەش وەکوو من حەق دەدەن بەو پیاوە ناوبراوەی هەوەڵێ. حاجی کوتی: ڕۆژیک بەیانی زوو مەڵەغانم هەڵگرت و چوومە مەزرا و دەستم کرد بە دروێنەی وێنجە. هێواش هێواش و لە فکر دابووم چۆن بچمە حەج. ئاگام لێ نەبوو ساعەت چەندە و چەندم کار کردووە، تاکوو ئەوەی کە کوتم خودایا هەوا بۆ فێنک بووە؟ لەو فکرەدا بووم مەڵەغانەکەم لە شتێک گیرا؛ سەرم هەڵێنا وڵات تاریک ببوو، چاوم لێ کرد مەڵەغان لە تابلۆیەک گیراوە کە لێی نووسراوە "هەمەدان پێنج کیلۆمیترا!" مێرمنداڵێکی فەقیری لێ بوو پێی پێ کەنی. حاجی کوتی: حەرامزادە! بۆ یانی درۆیان دەکەم؟! بۆی چوو. تاکوو کوڕەمان نەجات دا کلکی وشتر گەییشتە عەرزی.

**▪ ئێمپراتۆر:**

کاک هەمزەی حاجی ڕەحمەتووڵڵا پیاوێکی قسەخۆش و تێگەیشتووی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان بوو. جارێکیان جەنگەی ژەمی نیوەڕۆ بە هەواڵێکی دەڵێ: وەرە بۆ نەهار دەچینە ماڵی ئێمە.

ـ چیتان هەیە بۆ نەهار؟

+ پێم وابێ قەیسیورۆنمان هەیە،

ـ ماڵت خەرا نەبێ، وەڵڵا گوو لە قەیسیورۆن خۆشترە!

+ جا وەڵا ئەوە ئیشتیایە ئیدی، هەر کەسەو شتێکی پێ خۆشە!

**▪ زامزادەی گەردون ـ جوانڕۆ:**

لە حەجی ئیمساڵ کابرایەک لە تایفەی ئێمە کە بە قسەخۆشی و ساویلکەیی ناسراوە، لە کاتی نوێژ لە ماڵە خودا بە هاوشارێکمان ئێژێ: ئەرێ قیبلە ها کوێ؟!

**▪ ئایشەگوڵ/ هەمزە ئاگوشی:**

قەت تیتۆڵێکی بەخۆیەوە نەهێشتبوو. رووت و عۆریان خۆی بەنێو "دێ"دا کرد. کۆڵەوەژێکی پێ بوو لە کەرێت دابا دەیخست. شەلم کوێرم کەس نابوێرم، کەوتبووە وێزەی خەڵکی و کەسی نەدەبوارد. ئەوەی تووشی هاتبا لە دەستی قوتاری نەدەبوو. لە سیلەی دیواری ئاشی، لەگەڵ "عمبەری مام حەمەد"ی تێک هەڵەنگوتن؛ کۆڵەوەژێکی لێ راکێشا، لایەکی سەری هێنا خوارێ. بە کەس زەوت نەدەبوو. هەڵبڕدابڕێکی وەخەڵکی خستبوو، باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەمابوو. چەند جارێک ئامبازی بوون قۆڵبەستی بکەن، کەچی بواری نەدەدا و وەک ورچی بریندار شالاوی بۆ دەبردن. بە تەواوی لە کەللەی دابوو و چاوی عەرزی نەدەدی.

"رەسووی ئامەکوڵێ" پرسیی: ئەو کوڕە بوا دەکا، بوا لێی گۆڕاوە؟

خات زارا کوتی: خودا سەبەبکاری بگرێ، بۆ پێت وایە ناحەقە؟

میرزا مارف کوتی: برایم تەورە بزانێ، کوڕێکی ئاوا جوان و جحێڵی بەو دەردە برد.

کچۆڵەیەک کوتی: بڵێ کابرا ئەتۆ بە سەری سپییەوە چۆن دڵت هات ئەو دوو نەونەمامە لێک بکەی؟ هەر چۆنێک بوو، بە ڕاپسکان ڕاپسکان و قوونەشەڕ خۆی گەیاندە ماڵە "برایم تەورە"ی خەزووری. وەک گوڵمیخ لە حەوشە چەقیبوو و هاواری دەکرد: پوور مامز لە کوێی؟ هاتووم بۆت بچمە بەر نانی. هاتووم گاوگۆلت بۆ ئاو دەم. ماڵی خەزووری بوو و ژوور بە ژوور و هەموو کەلێن و کولێنی شارەزا. خەڵک لە سەربانەکانی دەوروبەرەوە تێی ڕامابوون. خەسوو و خەزوور نێومالْیان چۆل کردبوو و خۆیان حەشار دابوو. لە کولانەی سەربانەوە کوڕەجحێڵە چاویان لێ بوو کە فەردە ئاردێکی وەتەندووریٚ گێڕا. بە سەتڵان لە ترومپای حەوشەوە ئاوی دێنا و لەپاڵ ئاردەکەی دەکرد و بە لاقانیش وەنێو کەوتبوو. دیار بوو دەیویست هەویرێکی تێر بۆ پوور مامز بشێلێتەوە و نانی گەلا گەلا بخاتە پێش خەسوو و خەزوورانی."ئایشەگوڵ" لە دەلاقەی ماڵە "سەعیدی سۆفی سوڵتانی"یەوە لە "حەیز"ی ڕامابوو و ڕووی خۆی دەڕنییەوە و فرمێسکی هەڵدەوەراندن: "حەیز"ی من شێت نییە، حەک بۆت نەمێنم شۆڕەسوار، بریا مردبام و ئەو ڕۆژەم بە چاوان نەدیبا. ئێستاش هەروا لە پشت پەنجەرەوە چاوی بڕیوەتە یەکەم ژوانگەیان و "حەیز"ی جوانچاک و سوارچاکیش، خێرخواز و ئەویندارانی سەر و ڕیشی بۆ دەتاشن.

٭ ناوەکان خوازراون

### ▪ بێناو"

لە یەکێک لەو دێهاتانەی بەشی هەوشار، لە «سەید کونجی» ناوێکی ساویلکە دەپرسن: «ئەرێ سەید گیان خێزانت ئەتداتێ یان نا؟!»

سەید کونجی لە وەڵامدا دەڵێ: «وەڵا برا ئەمماتێ و ناماتێ، بەزیاو بێ کەرەشینیش هەس!»

- **ڕزگار ئەلیاسی:**

ساڵەکانی ٥٦ی هەتاوی بوو؛ ئەوکات من تازە لە پۆلی هەوەڵی سەرەتایی دەمخوێند. یادی بەخێر مامۆستای ئەو کاتم کاک سەعید وەتەنی بوو کە برێک تووڕە و توسن بوو. نازانم چۆن بوو ڕۆژێک هاتە ژووری وانە و کوتی کێ دەزانی گۆرانی بڵی؟ زۆر زوو دەستم هەڵێنا و کوتم: ئاغا من. بە ئیشارەی سەر کوتی بڵێ بزانم. چاوم قووچاند و کوتم:

ئای بەزمە بەزمە

باتمانیک گەڵوگونمە

ئەو کونە بە من ناگیرێ

زەردەقۆڕەی تێ گیرێ!

ئیدی کاک سەعید تەنیا وەفریای هەڵاتن کەوت بۆ ئەوەی لای ئێمە پێ نەکەنێ.

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Mevludin Sejmenovic